سەماحەتی حەکیم چاوی بە سەرکی پێشوو دکتەر بەرهەم ساڵح دەکەوێت و گرنگی سەقامگیری و ناوەندگیری و گفتوگۆی نیشتمانی دووپات دەکاتەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی بە فەخامەتی دکتەر بەرهەم ساڵح سەرکەکماری پێشوو کەوت و لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عیراق و ناوچەکە و پێوەندییەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان کرا لەگەڵ شایستە داهاتوەکاندا.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە عیراق بە دەخێکی سەقامگیری تێپەڕ دەبێت کە پێشتر بەخێوەی نەبینیوە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنی و ئاماژەی کرد کە ئەو سەقامگیرییە بەرهەمی قوربانی دانی شەهیدانەو بە ماندووبوونی سەرکردەکان و سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هانوەتەدی و پێویستە پارێزگاری لەم دەستکەوتە نیشتمانییە بکەین و هەوڵ بدەین بیکەین بە هەمیشەیی، ئاوڕکەکە دەبێت هەمووان لە ئاستی بگرن.

بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە ئەزموونی عێراق سەلماندوویەتی کە ناوەندگیری و هاوسەنگی باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگایە بە پاراستنی بەرژەوەندی وڵات، دووپاتیشی کردەوە کە عیراق ئاستا بووەتە یاریزانێکی کاریگەر لە کەیسەکاین ناوچەکە و لەم بارەش کاریگەرە بە هەڵوێستی سیاسی و میدیایی و مرۆیی هاوسەنگ کە پێگەی پێشکەوتووی دەرخستوە.
.سەماحەتی حەکیم داواشی کرد بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو فراوان بێت و دووپاتی کردەوە کە ئەو شایستەیە هەڵگری گرنگێ بە ئاوڕی سەقامگیری سیاسی بچەسپێت و پێویستە کاریگەری کردنیش لەسەر بنەمای پڕۆگرامی باش و خزمەتگوزاری بێت، نەك لەسەر شکاندنی یەکتر و بکارهێنانی پارەوبەرتیل بە کاری سیاسی.
لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و داوای کرد دەستبگرن بە هاوکێشەی یەکسانکردنی ماف و ئەرکەکان و پشکێش کردنی تەنازولات لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات، تا ئاوێش ببێتە هەی ئاوێی دەوڵەت بەهێز بکات و یەکگرتووی بەهێزتر بکات.